# هەڵوەشاندنەوەی گوتار و گۆڕینی ئینتیما

**نیهاد جامی**

پێویستە لەبەرایيدا تێڕوانينێكی ڕەخنەييمان هەبێت بەوەی تاچەند پەیوەندیەكی هاوبەش هەیە لەنێوان گوتار و ئینتیما، چونكە ئێمە گەر لەماناى باوی چەمكەكانەوە سەیری ئەو پەیوەندیە بكەین، دەڵێین ئەو دوانە بەبێ یەكتری هەڵناكەن، بەڵام گەر لەتێڕوانينی فەلسەفیەوە سەیری ئەو چەمكە بكەین، ئەوا ئەو پەیوەندیە دەشێ گروپی ئایدیۆلۆژی یا مەبەستی ناسیۆنالیستی پەیوەندیی هاوبەشی بۆ بدۆزنەوە، چونكە چەمك لەبنەڕەتدا هێندەی هەڵدەستێ بە دۆزینەوەی مانای نوێ و جیاواز هێندە بەدوای ئیشكردنەوە نیە لەسەر مانایەك بۆ ئینتیما، چەمك ئیشكردنەوەیەكی فەلسەفیە، كەوابێ ئێستا بابپرسین چۆن سەیری چەمكی گوتار دەكەین؟

گوتار بریتیە لەكۆمەڵە دالێك كە كۆمەڵە ئاماژەیەك لەدەربڕینی زمانەوانیەوە هاتوون، بەمانای گوتار دەربڕی فكرێكە كە خاوەنی سەنتەرێكە بۆ كۆكردنەوەی ئاماژە و دالەكان، ئەو كاتەی بەوشێوەیە سەیری گوتارمان كرد مەرج نیە بڵێین گوتار دەبێ جۆرێك ئینتیما درووست بكات، بەڵام بەو پێیەی گواستنەوەی دەقی فەلسەفی بۆ دەقی ئایدیۆلۆژی یەكێكە لەو هۆكارانەی لەبەرامبەر دەقە فەلسەفیەكان ئەنجام دەدرێت، گواستنەوەی ماركس و نیتچە بۆ ناو كۆمۆنیزم و نازیزم، وای كردووە گوتار ئینتیمای ئایدیۆلۆژی درووست بكات، كەبێ ئەو گواستنەوەیەش دەكرێ ئینتیما هەبێت، بەڵام نەك بەمەبەستی ئایدیۆلۆژی، چونكە ئینتیما چەندە چەمكێكە لەڕۆشنبیری ئێمەدا لەناو تاكە دەلالەتێك وابەستە كراوە. ئەوەش وابەستەبوونی ئێمەیە بە گوتارێك، ڕزگاركردنی ئەو تێگەیشتنە پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی سەنتەری ئەو پەیوەندیە هەیە كە دەكەوێتە نێوان گوتار و ئینتیما، چونكە چیتر ناكرێ بڵێین گوتاری ئێمە گوتارێكی نەتەوەییە و دەبێ ئینتیما بۆ كوردبوونمان بكەین، چونكە لەڕاستیدا ئەو دەستەواژەیە نەك هەر فكری ناسیۆنالیستی تیا بەرهەم نایەت، بەڵكو كورتكردنەوەی كۆی چالاكیەكانی گوتارێكی نەتەوەییە، نەتەوە خاڵی دەكرێتەوە لە فكر و كولتور و شوناس، چونكە هەموو ئەوانە بەناوی كوردبوونەوە كاڵ دەكرێنەوە.

كوردبوون دەبێت لە فكر وشوناسەوە سەرهەڵبدات، ئەوان ئاراستەی گوتار دەست نیشان بكەن، ئینتیمای سۆزداری و عەفەویەت نەبێت بۆ گوتار، بەڵكو ئینتیمای كولتوری بێت بۆ گوتاری شوناس.

بەڵام بابپرسین گوتار تا چ ئاراستەیەك خاوەن توانایەكە بۆ درووست كردنی ئینتیما؟ ئینتیما بۆچی؟ بۆ ئەو فكرەی كە گوتار هەڵگریەتی؟

لێرەدا ئێمە دوو ئەزموونمان هەیە ، یەكەمیان ئینتیماكردنێكی زۆرە ملێی بوو كە بەعس

ویستویەتی تەواویی عیراق بگۆڕێتە سەر دەوڵەتێکی مۆدێرن بەناوی دەوڵەتی مۆدێرنی بەعسیزم، بەتایبەت بەدوای ئەنفال دەوڵەتی مۆدێرن کە بەعس زۆر بانگەشەی بۆ دەکرد کورت کرابۆوە لەناو گوتاری عیراقی سەدام حوسێن، بەوەی بۆ ئەوەی عیراقی بیت دەبێت ئینتیما بۆ گوتاری بەعسیزم بکەیت، لێرەوە لەو ئەزموونەوە لەوە دەگەین کە ئەو جۆرە پەیوەندیەی دەکەوێتە نێوان گوتار و ئینتیما پەیوەندیەکە سیستمێکی تۆتالیتاری وەك بەعسیزم بەرهەمی دێنێتەوە سیستمێکە لەناو ئاکاری خێڵەکیەوە بوونی هەیە و بەعس لەناو هەناوی مۆدێرنە موتوربەی دەکاتەوەو بە دەسەڵاتی ڕەمزیی فاشیزمی مۆدێرنە بارگاوی دەکات، گوتارێکە لەناو خۆیدا خاوەنی خەسڵەتی دووفاقە لەشوێنێکدا بەرهەمی بەهای خێڵەکیە و لەشوێنێکی تردا بەرهەمی مۆدێرنەیە.

ئینتیمای دووەمیش بەدوای ڕاپەرینەوە سەری هەڵدا، تیایدا حزبە کوردیەکان ویستیان لەڕێگەی هەڵگری گوتارێکی نەتەوەیی یا ئاینی ئینتیمای کۆمەڵگا وەدەست بێنن، دواتر ئەو گوتارە پەڕیەوە بۆ گوتاری فکر بەوەی ئینتیماکردنی فکر چ فکری ئیسلامی یا مارکسی، ئەگەرچی لەجەوهەردا ئەوە ئینتیمای بۆ دەکرا گوتارێك نەبوو هەڵگری فکر بێت، بەو پێیەی فکر بریتی بێت لەبیرکردنەوەیەکی عەقڵانی، بەڵکو ئینتیماکردن بوو بۆ ئایدیۆلۆژیا، ئەگەرچی ئایدیۆلۆژیا دەبێتەوە گوتار، بەڵام گوتارێك هێندەی لەناو بانگەشەی گرژکردنی هەستی سایکۆلۆژیی ئینسانی کوردیەوە بووە، خاوەنی ئاماژەی زمانەوانی نییە بۆ خوڵقاندنی فکر.

بۆئەوەی زیاتر توانای قسەکردنمان هەبێت لەسەر چەمکی گوتار لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ (زەمەنی گوتار) و (دەسەڵاتی گوتار) بکەین، کەهەریەك لەزەمەن و دەسەڵات چ کاریگەریەك لەسەر گوتار بەجێ دێڵن؟ ئایا ئەم دووانە کاریگەرییان لەسەر گوتاری کوردیدا هەیە؟

مەبەستمان لەزەمەنی گوتار.. زەمەنی کرنۆلۆژیی نیە، مەبەستمان ژماردنی کات و ساڵەکان نیە، هێندەی زەمەنی فەلسەفی گوتارە، ئەو زەمەنە خاڵی نییە لەبیرکردنەوەو ناسینی گوتار، چونکە زەمەنی گوتاری کوردیی زەمەنی شکستی گوتارە، زەمەنی تێکشکانە مەزنەکانە، لەهەر شوێنێك قسە لەزیندوو بوون و مانەوەی کوردیی کرابێت مانای وایە شکست بوونی هەیە، چ لەڕووی گفتوگۆکردن لەگەڵ دەوڵەت یا شکستی سەربازیی، ئەو گوتارە لەڕێگەی ئاماژە شکست خواردووەکانی دەروونیەوە هاواری کردووە (من، ئێستا، لێرە) دەجەنگم، بوونی کوردیش وابەستە بووە بەجەنگەوە، جەنگ خاڵی نەبووە لەسایکۆلۆژیایەکی تووڕە و نەخۆش، کەوتویەتی "من دەجەنگم کەواتە هەم"

هەرچی دەسەڵاتی گوتارە دەسەڵاتێکە پەیوەست بووە بەتواناکانی هێزەوە چونکە دەسەڵات بەو پێیەی بریتیە لەپەیوەندیەکانی هێز، ئەو هێزەش لەدنیای کوردیدا هێزی زەبروزەنگ بووە، هێزێك بووە وابەستەبووە بە توانای بەگژداچونەوەی چەك، زیندەگی کوردیی پەیوەست نەبووە بەژیاندۆستیەوە هێندەی هەڵگری گوتارێکی مەرگدۆستیە، با لەو دروشمەوە سەیر بکەین "عەفلەقی بکوژە تا کورد بژی" ئەوە بەتەنیا پەیوەندیی نیە بەدوژمنی ئێمە کە بەعسە بەڵکو گەر لەئاستی

سروودە نیشتیمانیەکەشمانەوە سەیر بکەین هەمان گوتار ئامادەبوونی هەیە، با ئەو دێرەی سروودی ئەی رەقیب بیر خۆمان بێنینەوە"کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە" ئەو گوتارە گوتاری مەرگدۆستە ئەوە ئنتیما بۆ مردنە وای کردووە ماناکانی ژیان یەکسان بێت بەمەرگەوە، دیارە لەگەڵ گۆڕانەکانی دنیا بەتایبەت بیانویەك نەما بۆ شەڕی کوردیی ئیدیی پێویستە بەچاوێکی ڕەخنەییەوە سەیری گوتار بکەین کاتێ دەبینین دەسەڵاتی کوردیی قسە لەدامەزراوەی مەدەنی دەوڵەتی مۆدێرن دەکات پێویستە سەنتەری شوناس و بیرکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە ڕابگرین بیر لەهەڵوەشاندنەوەی سەنتەری ئەو گوتارە بکەین بۆئەوەی ئەو گوتارە هەڵوەشێنینەوە دەبێت لەڕێگەی تیۆرەوە ئەو شوناسە هەڵتەکێنرێت، ئێمە دەبێت لەڕێگەی خوێندنەوەی ئەو ڕابردووەوە کەناوی گوتاری ناوە ئاکاری کوردیی تا ئەو شوێنەی کەپێی دەووترێت گوتاری نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی مرۆڤی کوردیی هەڵوەشێنینەوە، بۆئەوەی سەر لەنوێ بونیاد و سیستمی ئەو گوتارە ڕێك بخەینەوە گەر وانەکەین بەدڵنیاییەوە هەر لەناو دۆخی مانەوەو شکتدا دەژییێن، خەوش لەوەدانیە بونیادە داتەپیوەکانی گوتار هەڵوەشێنینەوە نەنگی لەوێدایە بڕوامان بەدۆخێك نەبێت کە گوتاری کوردبوونمان بەئاقاری فرەیی و جیاوازدا بەرێت.

هەڵوەشاندنەوەی گوتار بەمانای خوێندنەوەی سەرلەنوێی بونیاد، بونیاد وەك گوتار خاوەن سێنتەر نیە، بەڵکو بونیاد چەمکێکە لەدەرەوەی سێنتەرەوەیە، ئەوەش چەمکی فەرد و هاوڵاتیبوون دێنێتە کایەوە بۆ ئەوەی سیستمی تاکگەراو باوکسالاریی لەناو کولتوری ئێمەدا بکاتە دەرەوە، ئینتیماش لەخاکەوە دەگۆڕێت بۆ ئینتیما بۆ تاك و بەها مرۆییەکان، ئەوکاتە چەمکی گوتاریش گۆڕانی بەسەردا دێت و مانای نوێ بەچەمکەکان دەبەخشرێت، ئەوەش ڕزگاربوونمانە لەتاکە دەلالەتی و رووکردنە فرەییە، بەمانای دەتوانین کۆمەڵگایەك بین کە جیاوازیی دەنگەکان قەبووڵ بکەین.

مافی بڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە پارێزراوە لەلایەن نووسەرەوە